# قەیرانی ئۆپۆزسیۆن بوون لە کوردستاندا.....

ڕاو سەرنجی هەندێك لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەوروپا لە مەڕ نەبوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان .

ڕێپۆرتاژێك. ئا. باوکی بەهەند - سوید

"بەشی یەکەم "

لە هەموو ولاتێکی دیموکراسیدا بوونی پارتی بەرهەڵستکار, پێویستیەکی گرنگی نێو گۆرەپانی دونیای سیاسەتە, بوونی ئەم هێزە وادەکات کە دەسەلات زۆر بە وورياييەوە ئیش و کارەکانی نێو دەزگاو موئەسەساتەکان ڕاپەڕێنێت, نەوەك بکەوێتە بەر شالاوی ڕەخنەی حیزبی ئۆپۆزسیۆنەوە, پارتی دەسەلاتداریش هەمیشە لە هەولێ ئەوەدایە کە جێ دەست و پەنجەی دیار بێت لە خزمەت کردنی کۆمەلگاکەی, بوونی ئەم هێزە لە قازانجی بەرەی گەل و هەم دەسەلاتیشە, چونکە خزمەتگوزارییەکانی هاولاتیان لەم ڕوانگەوە بەرەو پێش هەنگاو دەنێت و دەسەلاتیش ناکەوێتە بەر شەپۆلی ڕق و تورەیی جەماوەر.

پرسیارەکە لێرەوە دەست پێ دەکات ئایا لەم قۆناغەی ئێستای کوردستان چەندە پارتی ئۆپۆزسیۆن ئەتوانێت ڕۆلێ ئیجابی خۆی ببینێت و جەماورو دەزگاو ماس میدیاکان پشت و پەنای ببن؟ ئایا چەندە دەتوانێت برەو بە ئیش و کارەکانی خۆی بدات لە ولاتێك کە دیموکراسی لە قۆناغێکی کۆرپەلەدایەو نەگشتۆتە نێو هەموو کایەو دامودەزگا سیاسسەکان؟

ئایا پارتی دەسەلاتدار تا چەندە هەزمی ڕەخنەو گازندەکانی پارتی ئۆپۆزسیۆن دەکات؟ کە ئێستاش زۆر لە سیاسیەکانی کوردستان بە ئەقلێتی خەباتی شاخ بیردەکەنەوە.

ئایا دروستکردنی لیستی هاوبەش و تەحالوفات نابێتە هۆی ڕێگربوون لە دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان ؟

ئایا گەر پارتی ئۆپۆزسیۆن لە هەناوی کۆمەلگای کوردستان سەری هەلداو کەوتە ڕەخنە گرتن لە کەموو کورییەکانی دەسەلات و ئاشکراکردنی گەندەلییە ئیداریی وداراییەکان, تا چەندە دەسەلات هێز بەکارناهێنێت دژی ؟ ئایا تا چەندە دەسەلات پەنا نابات بۆ پرۆپاگەندەی ناشارستانی دژی ئۆپۆزسیۆن ؟ ئایا تا چەندە زەمەن و کاتی هەیە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان؟

کاردانەوەی دەسەلات بە شێوەیەکی سلبی و نایاسایی دژی خۆپیشاندانەکانی کەلارو ئاکرێ و هەلەبجە و وە هەروەها سوتاندنی بنکەو بارەگاکانی یەکگرتوی ئیسلامی لە دەڤەری بادینان ئاشکرای کرد کە دەسەلات زۆری ماوە ئەزموونی دیموکراسی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە پییادە بکات و ڕازی بێت کەس باسی گەندەلێ و ناتەواوییەکانی دەسەلات بکات, لەم ڕوانگەشەوە بۆمان دەرکەوت کە هەبوونی پارتی بەرهەڵستکار زۆر سەختە سەرکەوتوو بێت لە کۆمەلگای کوردستان.

سەرەتا نووسەرو ڕۆشنبیری کورد لە ولاتی هولەندا بەڕێز " مەحمود ڕەزا ئەمین" بەم شێوەیە ڕاو سەرنجی خۆی دەربڕی" بە بۆچونی من, هەبونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان, مەرجی بنچینەیی یە بۆ نەشونماکردنی ئاوو هەوای دیموکراسی, بەلام چ ئۆپۆزسیۆنێك ؟

ئەگەر پارتی حکوم بکاو یەکێتی ئۆپۆزسیۆن بێت, یان بە پێچەوانەوە , ئەوا چاودێری بەهێز لەسەر کاروباری حکومەت لە ئاردا ئەبێ, لە حالەتی وادا گەورەترین قازانج گەل ئەیکا, بەلام ئەگەر دوو حیزبی گەورەی وەکو پارتی و یەکێتی پێکەوە حکومەت بکەن و حیزبێکی وەکو یەکگرتووی ئیسلامی بە چەند کورسییەکی پەرلەمانەوە ئۆپۆزسیۆن بێ , بەرهەمی ئۆپۆزسیۆن زۆر کەم ئەبێ . بەلام بە دلنیاییەوە لە هیچ باشترە, خۆ ئەگەر باقی حیزبەکانی تریش داخلی پێکهاتەی حوکمەت نەبن و لەگەل یەکگرتوو لە ئۆپۆزسیۆن دا بمێننەوە, بە دلنیایی یەوە بەرهەمێکی باشتری ئەبێ, بە بڕوام هەنگاوی دروست و سودبەخش بۆ خەلکی کوردستان ئەوەیە کە حیزبەکانی تر بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە, داخلی هاوپەیمانیی حکومەت, یان حکومەتی هاوپەیمانیی نێوان یەکێتی و پارتی نەبن, بەلکو لەناو پەرلەمان دا حیزبی ئۆپۆزسیۆن بن.

من بڕوام بەو کەسانە نییە کە ئەلێن " هەلومەرجی کوردستان بۆ هەبوونی ئۆپۆزسیۆن لە بار نییە , هەبونی حکومەت و ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لەبارترین هەلومەرج بۆ پەرەسەندنی هەمەلایەنەی ژیانی, سیاسیی, کۆمەلایەتی, ئابووری , ڕۆشنبیری و... هتد , ئەرەخسێنێ .

پارتە دەسەلاتدارەکانی کوردستان خۆشیان بێ و ترشیان بێ , ئەبێ ڕابێن گوێی لە خەلك و ئۆپۆزسیۆن بگرن,ئۆپۆزسیۆن ئەگەر وریا بێ و ڕەخنەی ورد و پراگماتییانە لە دەسەلات بگرێ, خەلك ئەکا بە پشتیوانی خۆی و بۆ ڕاهێنانی حیزبی دەسەلاتدار لەسەر سازاندنی ئاوو هەوای دیموکراسی.

من دژی پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نێوان یەکێتی و پارتیم, ئەبێ حیزبی حاکم و حیزبی ئۆپۆزسیۆن هەبێ , مەعلومە کە حیزبی خاوەنی زۆرترین دەنگ ئەبێ حکومەت دروست بکا, بەلام گرفت ئەوەیە کە هەردوو حیزبەکە لە هەلبژاردنی ڕابردو دا بە یەك لیست دابەزین, هەرچەند بە گوێرەی هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان یەکێتی گەورەترین حیزبی کوردستان بو , بەلام مادام بۆ هەلبژاردنی پەرلەمان یەك لیست بوون, تازە بۆ ئەمجارە ئەوە ناکرێ , هیوادارم ڕێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی ئەم دوو حیزبە ناچار بکەن لەوە پەشیمان ببنەوە کە هەلبژاردنی ئایندەش هەر بەیەك

لیست دابەزن, بە بڕوام دووبارە بوونەوەی ئەم سیاسەتە وردە وردە ڕۆحی دیموکراسی ئەکوژێ, جاری پێشوش لە وتارێك دا دژایەتیی خۆمم بۆ یەك لیستی ئەو دوو حیزبە دەربڕی.

تۆ ئەپرسیت " ئەگەر پارتی ئۆپۆزسیۆن لە هەناوی کۆمەڵگای کوردستان دا سەری هەڵدا... هتد , منیش ئەڵێم " ئەگەر لەناو هەناوی گەل دا سەری هەڵدا , یانی هەلومەرجی بابەتی بە تەواوی پێگەیشتووە کە ئەوە بوو, هێز نییە بتوانێ هێز لە دژی بە کار بهێنێ, چونکە ئەو کاتە بە کردەوە ئەکاتە دژایەتی کردنی هەموو خەڵك.

جارێ با ئۆپۆزسیۆنمان هەبێ , ئەوسا پروپاگەندەی نابەجێ و بێ بناغەی بۆ هەڵبەسترا لە لایەن دەسەڵاتەوە, ئەوا ئەرکی ڕۆشنبیرانە پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆن بکەن.من لە دژی ڕفتاری دەسەڵات لە بەرامبەر هەر سێ خۆپیشاندانەکەی کەلارو ئاکرێ و هەڵەبجە وتارم نووسیوە, خۆپیشاندان ناکرێ بە بەڵگە بۆ ئەوەی کە ئیتر دیموکراسی فاتیحای خوێندراوە, لە پاڵ ئەم 3 نموونە ناشیرین و دزێوەدا کۆمەڵێ نموونەی جوانیش هەن کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕوویانداوەو بە هێمنی دەستیان پێکراوەو کۆتایی یان پێهێنراوە, توندوتیژی ئەم 3 خۆپیشاندانە دوو لایەنە بووە, خۆپیشاندەران عونفی ترسناك و لە ڕادەبەدەریان بەکارهێناوە, دەسەڵاتدارانیش بەهەمان شێوە عونفیان بەکارهێناوە, لە لای من هەردووکیان مودانن, ئەبێ تێبکۆشین ڕەنگی عونف و توندوتیژی لە هەناوی کومەڵی کوردستاندا هەڵبکێشین.

هەر لەم ڕوانگەوە نووسەرو ڕۆشنبیر لە وڵاتی سوید بەرێز" پشکۆ نەجمەدین " بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن" ڕۆژگاری دەسەڵاتە تاکحیزبی و تۆتالیتارەکان , ساڵانێکە لە ئاوابووندایە.

ئێستا ئیدی کەمتر دەسەڵاتێکی بێڕکەبەر و ئۆپۆزسیۆن لە دنیادا دەبینرێت, دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا, دەسەڵاتێکی کەم وێنەیە, واتە پێش ئەوەی گرفتەکە لە بوون یان نەبوونی حیزبی ڕکبەر و ئۆپۆزسیۆندا بێت, ئیشکالاتێك لە سرووشت و بونیاد و پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتەدا هەیە, ئەم ئیشکالات و گرفتانەش پەیوەندیان لەگەڵ سرووشتی پرۆسەی پێکهاتن و سەرهەڵدانی دەسەڵاتدا هەیە.

لە کوردستاندا, دەسەڵات تێکەڵەیەکی ئاڵۆزو ناڕوون و شێواوی بەرجەستەبووی دەسەڵاتی سەرکردە, حیزب و حکومەتە لە فۆرمێکی نادامودەسگایدا و هیچ لەمپەرو دیوارێکی یاسایی بینراو بۆ لێکهەڵاویردنی ئەم ڕەگەزو پێکهاتانەی دەسەڵات نابینرێن.

دیموکراسی و کایەکانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا و لە دیدی دەسەڵاتەوە, جگە لە گەمەیەکی بێتام هیچی تر نییە, وێڕای بوونی چەندین حیزب و گروپی سیاسیی جیاواز, دیسانیش جیاوازییەکان کەمتر دەبینرێن, ئێمە کەمتر هەست بە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا دەکەین.

تێڕوانینی دەسەڵات بۆ " ئۆپۆزسیۆن " لە کۆمەڵگەی کوردیداو لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا, لە سۆنگەی نەبوونی حکومەتی دامودەسگاییدا, جورئەتی ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆی ناکات.

هەتا ئێستاش حیزبەکانی دەرەوەی ( پارتی و یەکێتی ) بە ناچاری لە پەراوێزی سیاسەت و ئاخاوتەی سیاسسیی ئەواندا دەژین و سیاسەت دەکەن.

درێژەکێشانی ئەم دۆخەو نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە و هەوڵنەدان بۆ سازاندنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری وەکو هێزی فشار لە کۆمەڵگەدا, ئەم کارەساتە سیاسی , کۆمەڵایەتی, ئابووی و ڕۆشنبیرییەی کۆمەڵگەی کوردستان قوڵتر دەکەنەوە.

ڕاستە زۆرینەیەك لە سیاسییەکانی کوردستان بە ئەقڵێتی شاخ بیر دەکەنەوە, یان بە شێوەیەکی تر بڵێن : ئەقڵی سەروەری دەسەڵات, ئەقڵی تاشەبەردەو هێندەی پێی بکرێت, مەودای درزتێکەوتنی نادات, بەڵام سەردەم, ڕۆژگاری گۆڕانە لە کایە فرەلایەنەکاندا و خێرایی ئەم گۆڕان و ئاڵوگۆڕەش بەندە بە ئاکتیڤ بوونی گروپەکانی فشار لە کۆمەڵگەداو لەوانیش هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان کە ئێستا بنەماو سەرەتایان لە کوردستاندا دەبینرێن.

لەئەگەری سەرهەڵدان و کەوتنەگەڕی ئۆپۆزسیۆندا, دەسەڵاتی کوردی بە پێی سروشتی بارگاویی بە زەبرو توندوتیژیی خۆی , هەوڵی بەکاربردنی زەبر دەدات, دیسانیش نابێت ئەوە لەبیر بکەین و لەبەرچاوی نەگرین, کە ئێستا میدیای کوردی و دەسەڵاتی رووناکبیران, هێزێکن, دەسەڵات بە ناچاری حیسابیان بۆ دەکات.

ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی کەلارو , کۆیە, ئاکرێ , هەڵەبجە, ئاوێنەی نیشاندانی ئەقڵییەتی دەسەڵات و چۆنییەتی مامەڵەکردنی بوو لەگەڵ بێزاری و نارەزایی خەڵك و دیسانیش نیشاندەری هێزێکی شاراوەی رەخنەگر بوو دژ بە گەندەڵی و میکانیزمی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە کوردستاندا,

جێکەوتن وقوڵبونەوەی دیموکراسی, لە کومەڵگایەکدا کە گورزو کەلتوری بەعسیزم لە 35 ساڵداو ئەقڵی زەبرلێتکاوی دەسەڵاتی کوردی لە 15 ساڵدا, جەستەیان وێران و ئازن کردووە, ئاسان نییە دەربازبوون لەم بازنەیە, هەم زەمەنی دەوێت و هەمیش خەبات و تێکۆشانی لێڕاوانەی فیکری, سیاسی و ڕۆشنبیری گەرەکە.

هەموو ئەو حیزب و گروپانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن و پێیان وایە جیاوازییەك لە نێوان تێڕوانینی ئەوان و دەسەڵاتدا هەیە, دەبێت ئەم نەریتی هاوپەیمانی و یەك لیستییە, بە نەریتی ململانێ و ڕکبەریی سیاسی بگۆڕن و لە پێناوی کورسییەکی وەزارەتدا, نەبنە شەریکی دەسەڵات و گەندەڵییەکانی بۆ دانەپۆشن, ئۆپۆزسیۆن , ئەگەر هەبێت دەبێت بە کردەوە ئۆپۆزسیۆن بێت و هەندێك قازانج و دەستکەوتی حیزبایەتی خۆی وەلا

بنێت.

پاشان ( بەڕێوبەری ڕێکخراوی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد – C.H.A.K ) بەڕێز " عەلی مەحمود محەمەد" لە وڵاتی هۆڵەندا بە بیرو تێڕوانینێکی ترەوە تیشکی خستە سەر ئەم بابەتە" بەداخەوە لە کوردستان ئەوەی هەیە تەنها ناوی دیموکراسییەتە, دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە تەنها لە ژێر پاڵەپەستۆ جیهانییەکان بانگەوازی کرانەوە لە ڕوکەشدا دەکەن, لە ڕاستیدا ئەوەی هەیە دیموکراسییەکی کارتۆنییە تەنها بۆ جوانکردنی باخچەی بەردەرگای دەسەڵاتە, ئەوان بیریان لەوەکردۆتەوە پاوانی سیاسەت و ئابووری کوردستان بۆ هەتا هەتایە بکەن, چونکە ئەوان لە خزمەتی جەماوەر نیین و بۆ گەشەدان بە باری ئابووری, ڕۆشنبیری جەماوەر کارناکەن.

کێشەکە لە ساوایی دیموکراسییەتەوە نییە, کێشەکە لەوەیە ئێمە چاوەڕوانی گەورە بوونی کۆرپەلەیەك دەکەین کە دیموکراسی نییە, کە گەورەش بێت نابێتە دیموکراسی, هەر ئەو سیستەمە بەرهەم دەهێنێتەوە کە هەزاران شوێنبزربووی شەڕی ناوخۆیی لێ کەوتەوە.

پارتی دەسەڵات لەسەر بنچینەی لەقاندنی سەری ڕەزامەندی مامەڵە لەگەڵ پارتی سیاسییدا دەکات, ئەوان قبوڵی پارتی ئۆپۆزسیۆن ناکەن, بەڵکە شەریکی بچوکیان دەوێت,مافی ڕەوای هەر پارت و گروپێکە هێزەکانی خۆی کۆبکاتەوەو هاوپەیمانی دروست بکەن تا ئەو کاتەی ئەو هاوپەیمانییەتییە ئارەزوومەندانە بێت, ئۆپۆزسیۆنیش دەتوانن لیستی هاوبەش درووست بکەن, ئەوەی هەیە لە کوردستان دیموکراسی نییە, دەسەڵاتدارنی کوردستان لە زەمینەی گەندەڵیدا گەشە دەکەن, چونکە هیچ پرۆژەیەکی مۆدێرنیان پێ نییە, لە هەر قۆناغێکدا بزانن بەرژەوەندیان دەکەوێتە مەترسییەوە, ئەوا پەنا بۆ زەبرو زەنگ دەبەن, نموونەمان زۆرە بە پراکتیك لە سەر ئەم بۆچوونە,ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ خۆپیشاندانەکانی 1982 ی کوردستان, بەعسیش کەمێك لەوە زیاتری کرد بە جەماوەری کوردستان, نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت مانگی هەنگوینی جەماوەرو دەسەڵاتی کوردی لە قۆناغیی کۆتاییە, لەگەڵ برەوی خەباتی جەماوەری جەمسەربەندی سیاسی نوێ لە هەناوی کۆمەڵدا سەرهەڵدەدات, بۆیە باوەڕم بەوە هەیە ئەم نەخشە سیاسییەی لە کوردستان هەیە لە قۆناغی کۆتایی و گۆڕاندایە.

دیسان نووسەری کورد بەڕێز " مەهاباد کوردی " لە وڵاتی سوید بەم شێوەیە باسی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتی کرد " ئەگەر بۆ تەنیا چەند ساڵێکی بەر لە ئێستای ڕەوشی کوردستان بگەڕێنەوە, تێدەگەین کە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری سەر گۆڕەپانەکە ئامادەبوون هەر کارێك ئەنجام بدەن, بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تاك حیزبییانەی خۆیان برەو پێ بدەن و لەسەری بەردەوام بن, هەر یەکێك لەئێمە ئاگاداری کەینوبەینەکانی ساڵانی ڕابردووەو دەشزانێ ئەوسا ئەوەی کە چ حسێبێکی بۆ نەدەکرا مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن ( بەرهەڵستکار ) بوو.

پارتی و یەکێتی بە قسە هەموو شتێکیان لا پەسەندەو لەسەری کۆکن, لێ بە کردەوە شتێکی دیکە دەکەن, ئەوان ڕۆژ تا ئێوارە باس لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە تاکە کەسییەکان و گەلێ شتی تر دەکەن, بەڵام کاتێ بۆ نموونە ڕووبەڕووی خۆپیشاندانێکی سادەی هاوڵاتییان دەبنەوە, تەنانەت بە دانپیانانی خۆشیان بێ , ناتوانن بە شێوەیەکی سەردەمییانەو دیموکراتییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە پێشهاتانە بکەن, دیارە لەم بارەیەوە بەڵگە و نموونە کەم نین تا ئاماژەیان بۆ بکەین.

دەبێ ئەوەش بڵێم کەس لەگەڵ کاری توندوتیژی و گێرەشێوێنی و وڵات کاولکردن نییە, بەڵام هەر کاتێك مرۆڤ گشت دەرگاکانی لێ داخرا , خۆیشی نازانێ چۆن چۆنێ هەنگاو بنێ ! بە وردبوونەوە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو ئاسان نییە بڵێن پارتی و یەکێتی هەروا بە ساناهی دەستبەرداری حکومی ڕەهای خۆیان دەبن و ڕێ بە حیزبی دیکەی بەرهەڵستکاری دەدەن تا بە شێوەیەك لە شێوەکان شوێنی ئەوان بگرنەوە.

لە ناخی دڵمەوە دەمویست جۆرێك لە هاوسەنگی لە ڕەوشی سیاسیی ئەوڕۆی باشووری کوردستان بێتە ئاراوەو, ئێمەی کوردیش وەك هەندێ لە گەلانی دنیا هەست بکەین کە هەڵبژاردن ببێت بە بڕیاردەر لەسەرشتەکان, من ڕەشبین نیم ,لێ ئێمە هەر لە ئێستاوە شتێك لە ئاسۆی سیاسیی باشووری کوردستان بەدی دەکەین, کە بەداخەوە بۆنێکی فیفتی بە فیفتی جا نازانم لە بارێکی وادا دەبێ ئۆپۆزسیۆن هەبێ , یانیش بە چ جۆرێك بتوانێ کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوو پێشهاتەکان دابنێ ؟ !

من پێموایە هێشتا کورد زۆری ماوە تا لە مانای ڕاستەقینەی دیموکراسی و بایەخی هێزی بەرهەڵستکارو سوودو قازانجی بۆچوونی تاکە کەسییانەی ئازادو زۆر شتی تر بگات. گومان لەوەدا نییە ئەم قسەیە هەر کورد ناگرێتەوە, بەڵکە گەلانی تری ناوچەکەش بەم دەردەوە دەناڵێنن.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە , ئەگەر لە ڕەوشی سیاسی و بەرژەوەندخوازی ئەوڕۆی باشووری کوردستاندا , ڕێ بە لایەنی سێیەم یان بڵێن بەرهەڵستکار نەدرێ تا چالاکانە بجوڵێتەوە, ئەمە نابێ هەرگیز وا لەو حیزبانەی دەرەوەی بازنەی پارتی و یەکێتی بکات خوانەخواستە بەرەو ئاقارێکی تر مل بنێن, ئاقارێك کە ئاکامە کۆتاییەکانی لە بەرژەوەندی دوژمنانی کورددا بێت و بە زەرەرو زیانیش بۆ ئەم نەتەوەیە بشکێتەوە.